Hemslöjden

# دەربارەی همسلۆیدن ( پیشەی خۆمالی وکەلەپوری)

همسلۆیدەن، یەکیتیی گشتیی جڤاتە سویدیەکانی پیشە خۆمالیەکان ریکخراویکی غیر قازانجیە کە سەد سال دەبێ کار لەسەر نیشاندانی بایەخی خەللاقیەتی کاری دەستی دەکات. یەکیتی گشتی لە جڤاتەکانی همسلۆید پیکهاتوە چ لە سەر ئاستی ناوچە یی چ لەسەر ئاستی لۆکال. نزیکەی 14000 کەس ئەندامن لەو 90 جڤاتەی لە سەرانسەری ولاتدا هەن.

ئەتۆ وەك ئەندامی جڤاتی همسلۆید جیاوازیت. لە جڤاتەکەدا چاوت بە هەواداری پیشە خۆمالیەکان دەکەوی و پیکەوە کاری دەستی ئەنجام دەدەن. لە یەکتر الهام وەردەگرین و کارگەری دەدسرەنگین دەعوەت دەکەین تاکو سود لە تواناو پسپۆریەکە ی وەربگرین. دەتوانی بەشداری لە چالاکیەکان بکەیت بەلام خۆت شت پیشکەش دەکەی لە ریگەی کارکردن لە ناو جڤاتە کەدا. زۆر بە خێر بێیی چ بتەوێ کاری دەستی بکەیت یان کار لە داهینانی کاری دەستی.

## چالاکی کاری دەستی

### کۆرس و پیشانگا

بە رێکۆسژکد کۆرس، پیشانگا، وانە و چالاکیی دیکە هێمسلۆیدن کار بۆ پێشخستنی پیشەی دەستی و بیکاتە فاکتۆریکی بە جێ لە فەرهەنگ و پیشەزاری و بازرگانیدا. بە رێگەی هێمسلۆیدنەوە زنیاری لەمەڕ ماتریالی سروشت، بەکارهەنانەوە و دروسترکرندی شتی تەمەندرێژ سەدەگرین. هەر سال لە یەکەم رۆژی پشو لە ایلول جڤاتی هێمسلۆیدن دەرگاکانی خۆی دە کاتەوە و بۆ دەرەوە لەسەر جادەکان و بازارەکان دەروا لە شەوورۆژی هێمسلۆیدندا.

### چاپەمەنی، رۆژنامە و گردبونەوە

هێمسنۆیدن رۆژنامەی هێمسنۆید،گەورەترین گۆڤاری پیشەی خۆماڵی، کاری دەستی و کاری دەستیی هەنەری دەردەخات.
هێمسنۆیدن بابەتەکانی دەسترەنگینەکان - چەمکێك و رودانیك تییدا کاری دەستی گەنگەشەی لەسەر دەکرێ لە روانگەی بارودۆخی خۆیانەوە، رێکدەخات. لە ریی دەزگای چاپەمەنی هێمسلۆیدنەوە ، هێمسلۆیدن کتێبی لەمەڕ زانستی پیشەی خۆمالی و کاری دەستی دەردەخات. لە کتیبخانەی دیگیتالدا کۆمەلی هێمسلۆیدن هەیە کە بەشێکە لە کەلەپوری ئێمە.

### دەرمالە و کۆرسی فیربون

یەکێتیی گشتیی هێمسلۆیدن جەندین بنیادی دەرمالە و فوند بەریوەدەبات کە دەرمالە دەبەخشیت. هێمسلۆیدب پیکەوە لەگەل کۆمونی لێکساند سەرۆکی سێتەرگلینتانە-پەیمانگای پیشەی خۆمالی و کاری دەستی. سیتەرگلینتان ریکخەری کۆرسەکانە و جیگەی چاوپیکەوتنی اهلی هونەری پیشەی خۆمالی و ؛کاری دەستی.

### نامەی شاگرد و وەستا

هێمسلۆیدن پسپۆری باری پیشەی خۆمالی کاری دەستیی، رستن، گوڵدۆزی،دارتاشی وکوزەگەری، کە واتا ئێمە داخوازیی نامەی شاگرد و وەستایان دەکۆلینەوە.

### هێمسلۆیدن لە باکور و ئۆروپادا

یەکیتیی گشتتیی هێمسلۆیدن ئەندامی فدرالیەتی هێمسلۆیدنی باکور و هونەری خەلکیی ئۆروپاو فدراسیۆنی کرافته(هێز) . ریکخراوەکانی هێمسلۆیدنەکان لە کۆنفرانسەکان و سێمینار بۆ ئالۆگۆر کردنی بیرورا و لە یەکتر الهام وەرگرتن.

اندامانی فدرالیی هیمسلۆیدنی باکور امانەن:

- نۆروێژ: هوسفیلدی نۆروێژ، هوسفیلد.نمره ١
- فینلاندا: تایتو، تایتو.فی
- دانمارك: فورا،فورا.دی کەی
- ایسلاندا: هێلمیسیدنادور.ایس
- دورگەکەکانی فرعون: www.craft.fo
- ww.folkart.ee ئێستلاند

پتر بخوینەوە لە سەر هونەری خەلکیی ئۆروپا و فدراسیۆنی کرافت لە فیسبوکدا: www.faceboo.com/eface

## بۆچی پیشەی خۆمالی؟

امرۆ مەیلیکی بەچاو هەیە بۆ پیشەی خۆمالی و داهینانی کاری دەست. ئەم دیاردەیە لە بەرچاومانە کە لە روباری تۆرە کۆمەلایەتیەکانداو چاپەمەنیەکاندا دەیبینین. لە بەرنامەی تلڤزیۆن و لە دیباتەکەنادا تواناکانی کاری دەستیی سەرنجیان بۆ دە کیشری. تەشکیلەی فرۆشگەکان لە شکلی پیشە دەستیەکان ونمونەی جیهانیەوە الهام وەردەگرێ. ئەوە هەستکردنە بە رە سەنایەتی و ئەو زانیاریە فراوانە لەسەر چۆنیەتیی شتدروست کردن بە دەست ، کە هەنوکە بازاری کاری دەستی گەرم کردوە.

داهینان و توکمەیی

لە دوارۆژیکدا کاتیك انتگراسیۆن، یەکسانی،توکمەیی و پلورازیزم بە رونی دەبینین ، داهینانی دەستکرد دەبتە پشتگیریە کی گرنگ بۆ کۆمەلیکی توکمە. بۆ تاکە کەس ئەوە کردنی بیری داهینەر بە کردەوەی داهینەر دەگەیینی کە بۆ خۆی ئمکانیەت دەدات تا خۆمان کاریگەریمان هەبیت بەسەر دەوروبەر و سەردەم. ئەم زانیاریە بە خۆباوەری دینیتە کایەوە و کۆمەك بە هاوبەشی نەوە دوای نەوەی و دیموکراسیەکی قول و بەردەست. بۆیە ئەوە قەناعەتی خۆمانە کە هێمسلۆیدن دە کری لەگەلمان دنیا رزگار بگات.

## هێمسلۆیدن چیم بۆ دەکات؟

زانیاریی فراوان دەربارەی کاری دەستی و داهینانی دەستکاری لە ناو ئەندامان و تۆری ئنتەرنێتدا هەیە. دەتوانی بەشدار بی لە پێشنار و بیری جیاجیادا و هیی خۆتیش ئالوگۆر بکەیت. جڤاتەکان کۆرس رێکدەخەن ، چاوپێکەوتن و پیشانگا دەکەن وجالاکی دیکە ئەنجام دەدەن. وەک ئەندام دەبیتە بەشیک لە کارەکە کاتی تەکنیکی پیشەکان و زانستەکان بەرجەستە و پێیا دەخەی وەکو بەشێکی گرنگی کەلەپور.

## چ دەتوانم بکەم بۆ هێمسلۆیدن؟

ببە یەکێک لە ٤٠٠ ئەندامە و تواناکنت بخە گەڕ و فێر بە لە کەسانی تر لە خەلکانی تر کە هاویارەزوتن لە کاری دەستی و دەسترەنگینن لە کاری دەستی و پیشەی سوننەتیدا. ئەگەر چی سەوەتە بە ریشەی سپیدار بەند کەی ، ؛کار بە مست ئەنجام بدەی، برێسی، نەقشونیگار بکەی، یان ئەگەر کەوجکێک بتاشی هەر بە خێر بێی ببیتە یەندامی کۆمەلەیەکی پیشەی کەلەپوری.

پێکەوە دەزانین چۆن داهێنانی دەسکاری بۆ وەدیهێنانی کۆمەلگایەکی سەقامگیر کۆمەک دەکات.